دژتیرۆری کوردستان بە هاوبەشی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ژمارەیەک تیرۆرستیان دەستگیرکرد



بەپێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر CTG رایگەیاند، هێزەکانیان لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی توانیان ژمارەیەک تیرۆرست دەستگیربکەن کە دەستیان لەئەنجامدانی چەندین تاوانداهەبوە.

بەپێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، بەسەرپەرشتی ئاستەوخۆی وەهاب هەڵەبجەیی بەڕێوبەری گشتیی دژەتیرۆر، هێزەکانی بەڕێوبەرایەتیی گشتیی دژەتیرۆر CTG بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربونەوەی داعش، ژمارەیەک تیرۆرستیان لە سنوری گەرمیان دەستگیرکرد.

ئەوەشیخستەڕوو، "تیرۆرستانی دەستگیرکراو پێشینەی کاریان هەبوە لەناو دیوانی جوندی ئەکخراوی تیرۆرستیی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی، لە چەندین شەڕدا دژ بە هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە ناوچەکانی سنوری دیالەی، حەمرین، عوزەیم بەشداریانکردوە". رونیشیکردتەوە، دەستگیرکراوەکان لەلایەن دەزگا ئەمنی و دادگاکانی عێراقەوە بە ماددەی

4ی یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆر داواکراوبون، دەستبەجێ پاش دەستگیرکردنیان ئامادەستی یاسا کران بە مەبەستی سزادانیان".